# گفت

**تەهائەحمەد جاف**
**سلەیمانی**

بەپەلە بوویت .. خۆت ئامادە کردبووو ئاراستەت بەرەو ڕووی کشا .. دیسانەوە چوویتەوە پاڵی‌و سەرنجت لێدایەوە ، زۆرت پێخۆش بوو لەتەکیا دانیشی‌و گوێتی بۆهەڵخەی .. چوار میشقی دانیشتی‌و نقەت لەخۆت بڕی .. چاوەکانت ئاراستەی کشان هەروەکو ئەستێرە یەکی گەڕۆك ، لەگەڵ دەستەکانیدا دەجووڵایەوە ، دیسانەوە لەگەڵیدا دەخولایەوە ، خوریەکەی نایە تەنیشتی‌و دەستی پیاهێنا .. کردنیە پارچەیەکی درێـژ ، ســەری پارچـەکەی دەهێنـاو بەقـولابی سەر تـەشی‌یەکـەی گیرکرد .. دووسێجار ڕاي کێشاو لەبەرخۆیەوە دەیوت :

ـ ئا .. زۆر باشە ناپچڕێت .. خوری‌یـەکی چاکـە ئای کـە مەڕێکی باش بـوو .. سپی‌و سوڵ .... دای لەڕانی‌و یـەك .. دوو .. سێ .. چوار هەندلی پێدا تەشی کەوتە هەواوەو دەستی ئـاراستەی دەبـۆوە ، وەڵلا خولایـەوە .. دەڵێی پانکـەیەکی دەستکردە ، هەرلەپـانکەی بنمیچی خـانوەکـەتان دەچێ ، جارێکی کە دەستی پیاهێنایەوەو کردی‌یە دەم هەواوە تـۆیش چاوەکانت لەگەڵ تەشی‌یەکەدا دەخـولانەوە ، گێـژ بوویت ..‌ دەڵێی مزراحی مندالانە ، بەڵام کلکەکەی گەورەترە ، ووردە ـ ووردە خوریەکەی کێش دەکردو دەیدایەبەری ، لەنێو پەنجە باریك‌و چرچەکانیدا وەکومار ئـاڵێندرابـوو ، دەی ڕۆیشت .. خوری دەڵێی موگناتیسەو سەری تەشی‌یەکە بـەرنادا ، ئـەم سەفەرەیان زۆر خولایەوە نەت‌دەوێرا تێی بڕوانی « مرۆڤ گێژ ئەکات ، ئەی دایە گەورە چۆن گێژنابێ ؟... نەوەڕزبوون ... نە ....... » ئەم قسەیەت لەژێر لێوەوە درکاندو نـەت هێشت کەس درکی پێبکا ، ئاوەڵلا نقومت‌کرد .. وەڕزنەبوو جارێکی دیکە دەستی پێکردەوە لەپڕ پسا تەشی کەوتە سەرزەویەکەو ڕۆچـوو ، بەبێ ئـامێر مـایەوە ، دەستێکی درێـژ کـردو مـلی تەشیەکەی گرتەوە ، نەوەڵلا ئەم سەفەرەیان گرێ‌یەکی زۆر توندی لێدا ، توند ... بەبێ پچڕان ، ئای کەبەئارەزوو بوو ، خوری تادەهات کەم دەبۆوە ، دەبوونە پەتێکی پتـەو ، خولی پێـدایەوە وخـوری‌یەکـە ڕۆی ، بۆی سـەرکەوت‌و دەستیشی وەدووی خست ، خوری لەدەستەکانیدا خـڕ بۆوە ، درێـژی کردنەوە ، جارجارەیش پەنجەی بـەتف سواخ ئـەداو ئەیـدا لەخوری‌یەکە ، جارێکی‌کە .. ڕۆی بوونە پەتێکی زۆر ، ئەنجا نۆرەی تۆپە پەتەکەپە وەکو بەکرە هـەڵیان کـاتەوە ، گـرێشی جارجارە تێدەکەوت ....

دەی‌کەیتەوە لفکە ؟

ـ بۆ ئایشێ خانە

ـ کام ئایشێ خان ؟ هەزار ئایشێ هەیـە ، وەنیە .. ـ ئـایشێی دراوسێمان .. هەیهوو .. چەنەبازی ...

ـ هەر پێی دەفرۆشی بە سەد فلس .

ـ نەخەیر ... ئەمەیان خوری مەڕەکەمانـە کەدوێنێ بـەیانی سەرمان‌بڕی .. دەی دەمێ بە سێ پەنجایی ، ئای کەخوریەکی پاك‌و جوانە ، ماشائەڵلا ... لەجوانی ، لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەووت ، دڵی خـۆش بـوو ، هیـچ ڕۆژێ خـوری وای دەست ناکەوێتەوە ، لە کیس خۆی ناداو خۆیشی بەهیچەوە خەریك ناکا دەنگتـان لێبڕا ... دەورووبـەرتان هێمن بـوو .. داپیـرەیشت وەڕزنەبووە ، خەریکی کاری خـۆیەتی‌و خـۆی دەزانێ چۆنی بەڕێوەببات .. ئازایە بەخوا ... قەوانەکەی لێدایەوە ، دەستی خستەوە سەر تەشی‌و خولی‌پێدا .. ڕستی زۆر .. زۆر ، بوونە پەت‌و گرمۆڵە بوونەوە ، کاتێکت زانی خوری تەواو ، هەمووی تەواو ، « ئۆخـەی واتەواو بـو ، ئۆخـەی ، ئیتر دایـەگەورە چیرۆکەکەم بۆدەگێڕێتەوە »

ـ دایەگەورە چیرۆکەکەم بۆدەگێڕیەوە ؟

ـ چیرۆکی چی ؟ .... ها ....

ـ ئەی گفتت نەدامێ بۆم بگێڕیەوە ؟

ـ ڕاست ئەکەی بەلام باتەواوبم ..

ـ ئـەی‌تەواو نـەبـوویت ؟ گفتت پێدام .. گفت .. داپیـرەت ڕۆیشتـە ژوورەوەو خوری‌تـری هێنـا ، دیسـانـەوە دەستی پێکـردەوە .. ڕستی ..... تـۆش کـەچـاووت بـەمـەکـەوت وەڕزبوویت ، واقت وڕماو داپیرەش گفتەکەی نەبـردەسەر ، گێژبوویت .. گێژ ...... بوو ....... یت .